ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
91
25 ی ئاب / ئۆگەست ی 2024



## ئێوه کارتان چیه!؟

موحسین کەریم

تیرۆری دوو رۆژنامەنووس لەلایەن درۆنێکی سەر بە دەوڵەتی تورکیاوە لە نزیک شارۆچکەی سەیدسادق، قوڵایی و ئاستی فراوانی ئەو مەترسیانە دەخاتەڕوو کە رووبەرووی خەڵکی کوردستانی عێراق دەبێتەوە، لەژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی حزبەکانی کوردایەتیدا.

هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان، پارتی و یەکێتی، خاوەنی دەیان هەزار چەکدار و هێزی سەربازی و ئاسایشن. خاوەنی دەیان هەزار جۆرە چەکی سووک و قورسن، ملیۆنەها دۆلار لەداهاتی خەڵکی کوردستان دەکەن بە گەرووی دەزگای سەربازی و جاسوسی و هێزەکانیاندا، بەڵام لەبەرامبەر پاراستنی خەڵکی کوردستاندا لە هەر هەڕەشەیەکی دەوڵەتانی ناوچەکە و عێراق، نەک هەر هیچکارەن، بەڵکو بگرە لە خزمەتی ئەوانداو دژ بەیەکتری و دژ بە هێزە سیاسیە "هاوخوێنەکانیان" لە ئێران وتورکیا بەکاریان هێناون! ئەگەر ئەو هێز و توانا سەربازی و مرۆییەی ئەوان هەیانە، هەر حزبێکی دیکە و هەر هێزێکی سیاسی دیکە هەیبوایە، کە ئامانج و بەرژەوەندیە سیاسیەکان لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردستاندا هاوجوت و یەکسان بوایە، بێگومان و بە دڵنیاییەوە نەک ئێستا سوپای تورکیا نەیدەتوانی لەناو هەرێمدا دەیان بنکەی سەربازی و جاسوسی دابنێت، نەک نەیدەتوانی سوپاکەی لە دهۆک و بادینان خاڵی

بۆ لاپەرە ٢



## هەڵبژاردن و بانگەشەکانی لایەنە "ئۆپۆزیسیۆن" ەکان بۆچیە؟

خەسرەو سایە

بۆ لاپەرە ٣



## یاسای جەعفەری چی لە دەوڵەتی مەدەنیدا دەهێڵێتەوە ؟

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٥



## سەودایەکی سیاسی ڕەزیلانە لە ئارادایە!

رێبوار ئەحمەد

بۆ لاپەرە ٧



## یەکێتی بۆ بێدەنگە بەرامبەر هێرش و ملهوری بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا لەزۆنی سەوزدا!!

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەرە ٩



## دانوسانی حەماس و ئیسرائیل بۆ راوەستانی شەر لە ئەڵقەیەکی داخراودا!

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

بۆ لاپەرە ١٠

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

## درێژەی.......... ئێوە کارتان چیە!؟

پشکنین دابنێن، نەک ئێرانیش نەیدەتوانی پاسدار بنێرێتە سەر هێزە سیاسیە نەیارەکانی لە هەرێم و نەیدەتوانی موشەکبارانی شارەکانی کوردستان بکات و داوای ناردنی ئەندامانی ئەو حزبانە بۆ ناو کەمپی پەنابەری و رادەستکردنەوەی سەرکردەکانیان بکات، بەڵکو هیچکام لە تورکیاو ئێران نەیاندەتوانی بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ بەربەست لەناو قولایی شارەکانی هەرێمدا ئەندامانی سەر بە هێزە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکان تیرۆر بکەن!

بەڵام بەپێچەوانەوە، لەژێرسایەی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا، کە هەریەکەیان خۆیان بە یەکێک لەو وولاتانەوە گریداوەتەوە بەرژەوەندی سیاسی و دارایی و مانەوەی خۆیان لەخۆشخزمەتی بۆئەواندا دەبیننەوە، ئیتر کوردستانی عێراق بووتە ناوچەیەکی نائارام و ترسناک بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ هەڵسوڕاوانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دوو دەوڵەتە کۆنەپەرست و شۆڤێنی و فاشیستە. بست بە بستی هەرێمی کوردستان و ئاسمانەکەی بووتە مەیدانی تەراتێنی باندە جاسوسی و تیرۆریستەکان و درۆنە ئاراستەکراوەکان بۆ تیرۆری ئەندامانی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەو دوو ولاتە، بەتایبەتی هێزە کوردیەکان، کە لەژێر هەڕەشەی گرتن و زیندانی و کوشتندا پەنا بۆ کوردستانی عێراق دەهێنن، بەو ئومێدەی کە لەسایەی دەسەڵاتی خۆماڵی کوردایەتیەوە ژیانیان پارێزراو بێت، کەچی بەهێمنی و خوێنساردانە لەلایەن دەزگا جاسوسیەکانی ئەو دوو دەوڵەتەوە دروێنە دەکرێن!

ئەوەی کە ئێران و تورکیا بەوورادەیە کۆنترۆڵیان بەسەر کوردستانی عێراقدا هەیە، کە ئێران دەتوانێ هێزە سیاسیەکانی نەیاری خۆی بەپشتیوانی حکومەتی هەرێم رەوانەی کەمپی پەنابەران بکات و هەڵسوڕانی سیاسیان لێ قەدەغە بکات و تورکیاش بەوجۆرە بنکەی سەربازی لەناو هەرێمدا جێگیربکات و لەشکرکێشی بۆناو شارەکان بکات و لە دورترین ناوچەی کوردستانی عێراقەوە بە درۆن چالاکوانی سیاسی نەیاری خۆی تیرۆربکات، مانای ئەوەیە کە بەر لەوەی پەلامار و مەترسیەکە بۆسەر ئۆپۆزیسۆنی سیاسی دژ بەو دوو دەوڵەتە بێت، لەژێرپێنانی ئیرادەو بریاری سیاسی خەڵکی کوردستانە لەلایەن ئەو دوو دەوڵەتەوە! مانای زاڵکردن و سەپاندنی بریاری سیاسی و دەسەڵاتی ئەو دوو دەوڵەتە کۆنەپەرست و فاشیستەیە بەسەر خەڵکی کوردستانی عێراقیشدا.

بێگومان خەڵکی کوردستان کە ساڵانێکی زۆر دژی رژێمێکی درندەی وەکو بەعس خەباتی کردووەو قوربانی داوە بۆ ئازادی، هەمان مافی بەرەنگاری و خەبات بۆ خەڵکی ئازادیخواز وستەملێکراوی تورکیاو ئێران بە رەوا دەزانێ و باوەش بۆ ئەوانەیان دەکاتەوە کە بەهۆی ئەو چالاکیانەوە رووبەرووی راونان و ئاوارەبوون و پەنابردن بۆ کوردستانی عێراق بوونەتەوە. بەڵام کاتێک پارتی و یەکێتی پاکانەی تاوانەکانی ئەو دوو دەوڵەتە بەرامبەر بە نەیارانی سیاسی خۆیان دەکەن، ئەوا رێک بەپێچەوانەی هەڵویستی خەڵکی کوردستانی عێراقەوە هەڵسوکەوت دەکەن و دەبنە خزمەتکاریکی دڵسۆزی ئەو دوو رژێمە تاوانبارو درندەیە. دەبنە نوێنەرو جێبەجێکاری پیلان و سیاسەتەکانی ئەوان دژ بە خەڵکی کوردستانی عێراق و خەڵکی کوردزمان لە هەریەکە لە تورکیا و ئێراندا!

ئایا پارتی بەوەی کە دەڵێت ئەوانەی تیرۆرکراون چەکدار و بەرپرسی پەکەکەن و بەوجۆرە پاکانە بۆ ئەو تاوانە قێزەونەی تورکیا دەکات، یاخود یەکێتی بەوەی کە تەنها بە سەرکۆنەکردنی تاوانەکە ئەیەوێ ئەستۆپاکی خۆی بەیان بکات، دەیانەوێ چی پەیامێک بە خەڵکی کوردستان بدەن؟ ئایا دەیانەوێ بەوجۆرە خۆیان لەو بەرپرسیاریتیە سیاسیە بدزنەوە کە وەکو دەسەڵاتێک بەرامبەر بە ژیان و ئارامی و ئاسایشی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ژیان و ئارامی ئەندامانی ئۆپۆزیسۆنی سیاسی نیشتەجێی کوردستانی عێراق دەکەویتە سەرشانیان!؟ ئەگەر وایە ئیتر بۆچی هەن و ئەو هەموو هێزە چەکدار و دەزگای ئاسایش و دژەتیرۆرو کۆماندۆ و ...تاد. یان بۆچیە؟ بۆ سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان و پاراستنی سامان و ڤێلاو کۆمپانیاکانتان و ژیانی شاهانەو شەوە سورەکانتان!؟

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# هەڵبژاردن و بانگەشەکانی لایەنە "ئۆپۆزیسیۆن" ەکان بۆچیه؟

## خەسرەو سایە

پاش ئەوەی پارتی دەستی لە بایکۆتی هەڵبژاردنی دەورەیەکی تری پەرلەمانی کوردستان کشاندەوەو رازی کرا، سەرۆکایەتی هەرێم، ٢٠ ی ئۆکتۆبەری دیاریکرد و ئەمەش دەرگای بانگەشەو پروپاگەندەکردنی بۆ لایەنە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان خستەسەرپشت و کەوتنە بەخشینەوەی بەڵێنی درۆ و خۆشخەیاڵی، تا هەرچۆنێک بووە خەڵکی نارازی کوردستان بەرەو بەشداریکردن و دەنگدان رابکێشن.

لەپێشیانەوە حزبەکەی شاسوار عەبدولواحید، لەکەناڵی ئین ئار تیەوە، کەوتە بژاردنی رۆژ و ئومێد دان بەخەڵک کە"رۆژی لێسەندنەوەی دەسەلات" نزیکە"! ئیسلامیەکانیش هەریەکەیان بەجۆری خۆی بانگەواز دەکەن بۆئەوەی کە"ئەم هەڵبژاردنە چارەنوس سازە" و داوادەکەن خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا بەفراوانی بەشداری بکەن، چونکە ئەمە رێگای تۆڵەسەندنەوەیە لەگەندەڵکاران، گوایە خۆیان قاچیان لەم گەندەڵیەو ئەو سیستەمەدا نەبێت کە دۆخی خەڵکیان بەم رۆژە گەیاندوە! لەلایەکی تریشەوە بزوتنەوەی گۆران و یەکیەتی نیشتمانی، پروپاگەندە بۆ ئەوەدەکەن کە ئەم هەڵبژاردنە"شەرعیەت دەگێریتەوە بۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان" و قەوارەی هەرێم لەو کێشانە رزگاردەکات کە تێیدا چەقیوە! ئەمە جگەلەوەی هەر هەمویان پەیامی درۆزنانە بەگوێی خەڵکدا دەدەن، کەگوایە لەرێگای ئەم هەڵبژاردنەوە، کێشەی موچەو خزمەتگوزاریەکان چارەسەردەکەن، لەگەڵ بەغدا رێکدەکەون و کێشەکان چارەسەردەکەن، کۆتایی بەدەستدرێژیە سەربازیەکانی تورکیاو ئێران و هەرەشەکانی حەشدی شەعبی و ئەو زوڵمەی لە کەرکوک دەکرێ دەهێنن! هەروەها بەڵێنی درۆی گەورە دەبەخشنەوەو دەڵێن مامۆستایانی گرێبەست و گەنجان دادەمەزرێنن، ئازادیەکان بەرقەرادەکەن، کێشەی ئاو و کارەبا چارەسەردەکەن، رێگانادەن نەوت ئاودیو بکرێ... لەیەک وتەدا هەر هەموویان هەڵبژاردنیان کردوتە ئەو هەنگاوە پیرۆزەی کە بەهۆیەوە ئارامی و باشبژێوی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی هەژار و مەحروم دێنێ و لە خەڵک دەپاڕێنەوە کە بە درۆکانیان قانع ببن و بەفراوانی بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکەن!

ئەم پروپاگەندانە، جگە لەوەی نیشانەی ئەوەیە کە هەموو ئەم لایەنانە ترسیان لە بایکۆت و بەشدارینەکردنی فراوانی خەڵکە لەم هەڵبژاردنەدا، هاوکات ئەو پرسیارەش دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان کە ئایا هەڵبژاردن چ گۆرانکاریەکی بەدواوە دەبێت؟ ئایا ژیانی ئەوان بەرەو باشتر دەباو ماف و خواستەکانیان بەدیدێنێ؟

دۆخی ئێستای کوردستان کە گیرۆدەیە بە چەندین قەیران و گرفتی جۆراوجۆر، بەدڵنیاییەوە، هەڵبژاردن دەخاتە بەردەم گۆرانکاریەوە. بەڵام ئەم گۆرانکاریە لەروانگەی چینی دەسەلاتدار و ئەو حزبانەوە کە ئومێدی گۆڕانکاری خۆیان پێوەبەستوتەوە و پروپاگەندەی بۆدەکەن تا خەڵک بکێشنە بەردەم سندوقەکانی دانگدانەوە، شتێکە و گۆرانکاریش لەڕوانگەی خەڵکی ناڕازی و بێبەشی کوردستانەوە، کە بۆ باشکردنی ژیانیان رۆژانە یەخەی دەسەلاتداران دەگرن، شتێکی ترەو بەتەواوی جیاوازە.

هەڵبژاردن بۆ چینی دەسەلاتدارو حزبەکان، بەوانەشەوە کە خۆیان بەئۆپۆزسیۆن ناودەبەن، لەدوائەنجامدا بۆ سازدانەوەی هەر ئەو سیستەم و حوکمرانیەیە کەسی ساڵە ژیانی خەڵک دەهاڕێ و گەندەڵی و تاوان، بێکاری و هەژاری و بێموچەیی و کەمی خزمەتگوزاری و جیاکاری چینایەتی داسەپاندووە. لەئاستێکی دیاریکراوتردا، هەڵبژاردن بۆ ئەم حزب و لایەنانە، کردنەوەی جارێکی تری دەرگای پەرلەمان و گەرمکردنی بازاری سیاسی و درێژەدانە بەو بارودۆخە ناهەموارەی کە داسەپاوە. بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەمان و پۆست و پلەو پایەو وەزراتخانەکانی حکومەتە. تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بێدەردەسەر سازبدرێ و هەموان ئەنجامەکەی قەبوڵ بکەن و نەیکەن بە شەروئاژاوە، ئەو گۆرانکاریانەی کە روودەدات، لەوە زیاتر تێناپەڕیت کە حزبێک کورسیەکانی کەم بکات و ئەویتریان زیادبکات. لەوە تێناپەڕیت کە پارتی و یەکیەتی بە کورسی کەمترەوە، هەڵبژاردن تێپەڕێنن، بەڵام جارێکیتر بەهەمان هێزی چەکدارو میدیای زەبەلاح وکۆمپانیاکانی نەوت و بازرگانیەوە، هەمان دەسەلاتە ناوچەییەکانی خۆیان لەژێر سێبەری پشتیوانیەکانی ئەمریکا و تورکیاو ئێران و ولاتانی ناوچەکەدا بەسەر سەری خەڵکەوە رابگرن و درێژە بەتاڵانی و راووروت بدەن. تەنانەت هەڵبژاردن ناتوانێ لەگۆڕینی دەموچاوەکانی کاربەدەستانی ئێستا تێپەڕیت، چونکە لەئەزمونی "دیموکراسی کوردستاندا"، دەسەلاتی حزبی و میلیشیای ناوچەیی و ئەو ئەزمونەی کە ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات، رێگە نادات بەوەی

کە دەستاودەستپێکردنی دەسەڵاتەکان لەڕێگای دەنگدانی خەڵک و هێنانەوەی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانەوە، بچێتەسەر. بڕیار نیە نە پارتی و نە یەکیەتی ڕازی بن بەوەی کە شاسوارعەبدولواحید، یان سەلاحەدین بەهادین و عەلی باپیر، وە یاخود لاهوری شیخ جەنگی و عەلی حەمەساڵح و هەر کەسێکی تر، لەڕێگای هێنانەوەی زۆرینەی کورسیەکانی دەسەڵاتەوە، ڕێگایان پێبدرێت، جێگا بە یەکیەتی و پارتی چۆڵ بکەن و بچنە دەسەلاتەوە.

لەسەرێکی تریشەوە، هەڵبژاردن بەهیچ جۆرێک ناتوانێ ئەو قەیرانانەی کە یەخەی بە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ئێستا گرتوە چارەسەرکات. واتە هەڵبژاردن ناتوانێ قەیرانی ئابوری و ئەو تەنگانەیەی کە دەسەلات ناوی ناوە "قەیرانی دارایی" چارەسەرکات، کە سەرچاوەی بێکاری، گرانی و دارِمانی خزمەتگوزاریەکان و هەموو ئەو باج و خەراج و پەلامارانەی دەسەڵاتداران و کۆمپانیاکانە کە بۆسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵک لەژێرناوی "چاکسازیدا" دەستیان بۆ بردوە. هەڵبژاردن ناتوانێ قەیرانی لێکترازان و دابڕانی ڕیزی حزبەکان چارەسەرکات کە ناویاناوە" یەکیەتی ڕیزەکانی ماڵی کورد"، بگرە پێدەچێت هەڵبژاردن خۆی ببێتە مایەی قوڵکردنەوەی ئەم لێکدابرانەی نیوان حزبەکان و قوڵترکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان لەسەر پلەو پایە و پۆستەکانی دوای هەڵبژاردن. تەنانەت هەڵبژاردن ناتوانێ قەیرانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەرکات، چونکە فیدراڵیزمێک کە کوردستانی لکاندوە بەعێراقەوە، لە قۆناغێکدا بوو کە هاوکێشەی نێوان هێزە سیاسیەکانی عێراق و ناسیونالیزمی کورد، ناچاربوو مل بەو ئیمتیازاتانە بدات کە "قەوارەی هەرێم" دامەزرێ. ئێستا ئەم هاوکێشەیە هەم لەڕوانگەی ڕووداوە ناوچەیی و جیهانیەکانەوە و هەم لەڕوانگەی هێزە ناوخۆیەکانەوە، بەزیانی پێگەی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی گۆڕانی بەسەرداهاتوە. تەنانەت هەڵبژاردن ناتوانێ بەر بە لەشکرکێشی و هەڕەشەکانی تورکیاو ئێران بۆ سەر هەرێم بگری و خەڵکی کوردستان لە "کەشتی ئارام"دا رابگرێ. هەربۆیە ئەو پڕوپاگەندانەی کە لایە نەئۆپۆزسیۆنەکان دەیکەن سەبارەت بەوەی هەڵبژاردن ژیانی خەڵک باشتر دەکات وە یان دۆخی کوردستان دەگۆڕێ بەرەو باشتر، جگە لە درۆیەکی شاخدار شتێکی ترنیە.

هەوڵەکانی ئەم حزبانە تەنهاو تەنها بۆئەوەیە کە "مەشروعیەت" بۆ دەسەڵات و سیستەمێک بگێڕنەوە کە لەدرێژەی خۆیدا بەم ڕۆژە گەیشتووە و خەڵکی کوردستانی لەم گێژاوەدا بەهەزارو یەک دەردو مەینەتیەوە ڕاگرتووە.

بێگومان ئەوەی کە خەڵکیکی کرێکارو زەحمەتکێش، ئەوەی کە ژنان و موچەخۆران و لاوان و مامۆستایان، لەچەند ساڵی رابردوودا نارەزایەتی دەردەبڕن بۆ خواستەکانیان، ڕێگاکان دەبەستن و داوای نان و کار و مووچەو مەعیشەت دەکەن و دەیانەوێت ژیانیان باشتر بکەن، خۆی تەعبیرە لە بزوتنەوەیەکی جەماوەری، کە نیشانەی لەسەرتاپای ئەم سیستەمە گرتوە، بە پەرلەمان و حکومەت و یاسا و دامودەزگاکانیەوە، کە هۆکارو سەرچاوەی هەموو دەردومەینەتیەکانە. بزوتنەوەیەکی ئاواش داوای گۆڕانکاری ڕیشەیی خستۆتەڕوو، وە چیتر نایەوێت ژیان لەسایەی ئەم سیستەمەدا بکات کە ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی تر هەرچەند ساڵ جارێک سیناریۆی گاڵتەجاری هەڵبژاردنی بۆ بەڕێدەخەن.

ئەگەر خەڵکی مەحرومی کوردستان مووچەو خزمەتگوزاریان دەوێت، ئەگەر دەیانەوێت لە ژیانێکی ئارام و شایستەی ئینسان بەهرەمەند بن، ئەوا نە ئەم حزبانەو نە هەڵبژاردن و نە ئەو چوارچیوەیەی بەناوی "دیموکراسی و پڕۆسەی سیاسیەوە" دیاریانکردووە، ناتوانێ وەلامدەرەوەی خواست و ئاواتەکەنی جەماوەر بێت. خودی هەڵکشانی ڕیژەی بەشدارینەکردن و بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییانە، بەڵگەی هوشیاربونەوەی خەڵکە هەم بە حەقیقەتەکانی دەسەلاتداران و ئۆپۆزسیۆن و هەم نیشانەیەکە لەوەی کە ڕیگای خەڵک و چینی دەسەلاتدار بۆ گۆڕانکاری لێکجیابۆتەوە. کەوایە ئەو ئاڵایەی کە خەڵک بۆ گۆرانکاری بەدەستیەوە گرتووە، تا خواستەکانی خۆیان بەدەستبهێنن و ژیانی خۆیان باشتر بکەن، لەهەنگاوی یەکەمدا دەبێ نەک هەر بڕوا بەو پروپاگەندانەی حزبەکان، بەدەسەلات و ئۆپۆزسیۆنەوە، سەبارەت بە بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردندا نەکەن، بگرە دەبێ پەنجەی ناوتنیان بۆ هەڵببڕن و لەهەنگاوی دوەمیشدا وەک بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی چینایەتی نارەزایەتیەکانیان یەکگرتوو و ڕیکخراو بکەن و لەدەوری داخوازیەکانیان بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی و بەدەستەوەگرتنی کۆمەڵگا پێبنێنە مەیدانەوە. هاوکات دەبێ خەڵکی نارازی کوردستان نەک هەر نمایشی هەڵبژاردنی ئەم حزبانە بەشکست بکێشن، بەڵکو بەهوشیاریەوە خۆیان ئامادەبکەن بۆ بەرپەچدانەوەی ئەو لێکەوتانەی کە لەدوای هەڵبژاردنەوە دێتەکایەوە.

کۆتایی ئابی ٢٠٢٤

**هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆرش دەیپارێزێت!**

**بژاردەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو ڕامالێن و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری!**

# یاسای جەعفەری چی لە دەوڵەتی مەدەنیدا دەهێڵێتەوە ؟

## عوسمانی حاجی مارف

یەکەمجار نییە کە داکۆکیکارانی ئاینی لە ئەندامانی حزبە "ئیسلامیەکان" هەوڵ دەدەن جێپەنجەی خۆیان لەسەر سیماکانی کۆمەڵگەی عیراق بەجێبهێڵن، هەروەها کار بۆ تێکدانی ئەو سیما مەدەنی و شارستانیە دەکەن کە عێراقیەکان لە دێر زەمانەوە هاوشانی گەشەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری خۆیان لەگەڵدا گونجاندووە پەیرەوی دەکەن.

ئەمجارە ئەم رەوتی پیاوسالاریە دژە ژنە ئیسلامیانەی خەریکن خۆیان کۆدەکەنەوە بۆئەوەی شەڕی نەهێشتنی دوا هێمای مەدەنی کۆمەڵگە لە رێگەی پەرلەمان و دەوڵەتەوە پیادەبکەن، کە لەیاسای باری کەسیدا بەرجەستەی دەکەنەوە. دەیانەوێت پەیوەندی کارو سەرمایە و بازاڕی سەرمایەی ئازاد لە داسەپاندنی شەریعەی جەعفەریەوە بەرێوەبەرن. بەلام دانیشتوانی شارستانی و ناڕازی عێراق بەبێ رەچاوکردنی جیاکاری تائیفی و نەتەوەیی، مافەکانی ژنان و منداڵان دەپارێزن. هەروەها یارمەتیدەرن بۆ چەسپاندنی یەکگرتویی کۆمەڵگا دژ بە شەڕی تائفی و دینی و نەتەوەیی، یاسای جەعفەری لە ژیانیاندا جێگای نابێتەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ پیاوسالارانی حزبە "ئیسلامیەکان" دەیانەوێت، شەرعیەتدان بە هاوسەرگیری کچانێک بدەن کە تەمەنیان ساڵی نۆیەمی تێپەڕ نەکردووە، بە ئاماژەدان بە فەتوایەک کە لەلایەن دەسەڵاتی عەلی سیستانیەوە دەرچووە، لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی دیکە لەگەڵیاندا ناکۆکن، بە تایبەت کە گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان برگەی نوییان دابینکردووە کە رێزگرتنە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی ژنان و پیاوان.بەلام ئەو رەوتی پاراستنی مافی ژنان و منالان و سیمای مەدەنی و شارستانیە، گەر بەیاساو یاسادانان و هێزی دەسەلاتی خەلک نە سەپێندرێت، ئاشکرایە کە لەژێر کاریگەری هێزە میلیشیا تائیفیەکاندا پێشێل دەکرێت و کۆمەڵگە بە ئاقاری بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی خۆیاندا کێش دەکەن، ئەم کارە پێویستی بە ئیرادەو دەوری راستەخۆی خەڵکە لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیەی ئەمڕۆ لەلایەن پێشنیاری میلیشیا ئیسلامیەکانەوە بەردەوام بێت لە پەرلەماندا، پێشبینی دەکرێت هیچ شتێک لە پێکهاتەکانی دەوڵەتێکی مەدەنی نەهێڵنەوە کە عێراقیەکان بتوانن بە سەلامەتی بژین و ژیانی خۆیان بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت پراکتیزە بکەن، بەم شێوەیە بەغداو شارەکانی تری عێراق دەکەنە قەندەهار.

نەتەوە یەکگرتوەکان باس لەوە دەکات کە بەشێک لە پیاوانی ئاینی عێراق لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا هەزاران هاوسەرگیریان لەگەڵ کچانی خوار تەمەنی نۆ ساڵان ئەنجامداوە، ئەم دیاردەیە وەک تاوانێک لە ئاستی فەرمیدا سنووردار نەبووە، لەئەنجامدا بووەتە هۆی رووداوی بەربلاوی جیابوونەوەی فراوانی هاوسەرگیری، مایەی سەرگەردانی و نەهامەتی و قوربانیدان بووە بۆ ژنەکان.

لەماوەی ساڵێکدا (٢٠٢٢) زیاتر لە ٧٣ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە لە عێراقدا تۆمارکراوە. چالاکوانان هۆشداریاندا لەوەی ئەگەر هەموارکردنەوەی پێشنیارکراوی یاسای باری کەسێتی پەسەند بکرێت، پێشبینی دەکرێت ئەم کارانە فراوانتربن و زیاتر گەشە بکەن، هەروەها نەوەکانی کچانی خوار تەمەنیش بەر دەستدرێژی و زەلیلکردن دەبنەوە بەپێی یاسا پێشنیارکراوەکە. ئەمەش رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر دۆخی پێکهاتەی کۆمەلایەتی خەلکی عێراق دادەنێت، کەوەک بەشێک لە پلانی لەناوبردنی "دەوڵەتی مەدەنی" مانا پەیدا دەکات.

مەترسی سەپاندنی ئەو بریارانەی دەربارەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیەتیە، لەو شوێنەوە ببینین کە هێزەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" (شیعە) لە پێکهاتەی حکومەتی عێراقدا پشتیوانی لێدەکەن. چوارچێوەی هەماهەنگی ئەو دەستەیەن کە پێداگری لەسەر دەرکردنی یاسا نوییەکە دەکەن، تا سیستەمێکی سیاسی تائیفی کە دەرفەتی مانەوەی دەسەلاتیان پێدەدات دامەزرێنن، تەنیا لە رێگەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری تائیفیەوە دەتوانێت سەقامگیری بەدەستبهێنێت، کە ژنان لە مافەکانیان بێبەش کات، بزوتنەوەکەیان بە ئیفلیجی پاشەکشە پێبکات، یان ژنان دورخاتەوە لە بیرکردنەوەی پاراستنی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ و شارستانی، کە لە نێوان ئەندامەکانیدا یەکسانی واقعیە و جیاکاری قەبوڵ ناکرێت.

بۆیە دەکرێ بگوترێ کە بنبرکردنی توانای ژنان بۆ بیرکردنەوە لە ئازادی و یەکسانی و پێشێلکردنی مافەکانیان لە کۆمەڵگادا، هەر لە منداڵیەوە گرنگترین ئامانجی ئەم یاسا نوییە، کە هاوسەرگیری مێینە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا پەسەند دەکات، ئەمەش جۆرێکە لە کۆیلایەتی کە رێکخراوە تیرۆریستیە ئاینیە توندڕەوەکانی وەک داعش پێشتر هەوڵیان داوە بەسەر پێکهاتەکاندا بسەپێنن کە لە رێگەی پیلانگێڕیەوە توانیویانە کۆنترۆڵی بکەن و مافەکانیان زەوت بکەن.

لەژێر پاراستنی پەیوەندی تائیفی، خێڵەکی، یان بنەماڵەدا ئەو دەوڵەتە ئایینیەی کە لایەنە شیعەکان هەوڵی سەپاندنی دەدەن بەسەر عێراقیەکاندا، جۆرێکی تایبەتی دەوڵەتە و دواکەوتوییەکەی بریتیە لە زیادەڕەوییەکی زۆر لە هەژاری و

نەداری و جیاکاری و بێئیرادەکردن و گۆشەگیری ژنان. واتە دەسەڵاتێکە بێباکە بەرامبەر دانیشتوانەکەی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پارێزگاکان کە زۆرینەی شیعەیان هەیە، بەرپرسەکان دواکەوتوترینن لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا، لەهەمانکاتدا لە بەرامبەریدا چەک و مادەی هۆشبەر لەناویاندا بڵاو دەکەنەوە.. ئەتوانین بڵێین ئەمریکا سیستەمێکی سیاسی سەپاند کە ئامرازی بەردەستیان بوو بۆ لەناوبردنی عێراق بە دڕاندنی پەیکەرە کۆمەڵایەتیەکەی.

یاسا نوێیەکە بە هەوڵێک دادەنرێت بۆ سەپاندنی بناغەکانی دەوڵەتێکی ئاینی کە لەوانی دیکە توندتر بێت، هەروەها سەرەتای ملکەچکردنی کۆمەڵگەی عێراقیە بۆ زاڵکردنی ئیرادەی میلیشیاکان کە دامەزراندنی دەوڵەتی مەدەنی بە دوژمنی بەرژەوەندیەکانیان پێناسە دەکات. لە ڕێگەی ئەم هەموارکردنەوە، پێناسەی شارستانیەت بە ئاژاوەگێڕی دادەپۆشرێت. ئەمەش توندترین و قێزەوەنترین ناونیشانە بۆ ژنان، دوای ئەوەی لە زۆرێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکان پۆشینی حیجاب بەسەر کچاندا سەپێنرا. ئەمەش بەو مانایەیە کە نەوەیەک لە ژنان گەورە دەبن کە باوەڕیان بە ئازادی ژنان نیە و ئەو بڕوانامە دەروونیەیان نیە کە نارەزایەتی دەربڕن بەرامبەر بە هەڵاواردن. ئەمە ئەو نەوەیەیە کە هەژاری وەک چارەنووس و نەخۆشی وەک تاقیکردنەوە و نەزانی وەک حیکمەت قبوڵ دەکات. بابەتەکە تەنها پەیوەندی بە باری مەدەنیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە چارەنووسی عێراق و کۆمەڵگاکەیەوە هەیە.

بەڵام ئەو خۆپیشاندانانەی لەدژی پێشنیازی هەموارکردنەوە ڕوویاندا بەتایبەتی لە خودی شاری نەجەفیشدا کە قەڵای دیارترین دامەزراوەی ئاینی شیعەیە، نموونەیەکی بەرجەستەیە لە ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارانەی پێشنیارکراوە، لەهەمانکاتدا ئومێدبەخشە کە فشارێکی گەورەبێت لەسەر پەرلەمان، تا دەرگای دەنگدان لەسەر ئەو بڕیارانە داخات.

کاتێک خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا ڕوویاندا ئەنجامی کتوپڕی ئەو ساتەوەختە نەبوو، بەڵکو ئاکامی کەڵەکەبونی تورەیی و نارەزایەتیەک بو لەبەرامبەر سیاسەتی ئەو هێزە میلیشیا شیعانەی ئامۆژگاریان لە کۆماری ئیسلامی ئێران وەردەگرت، ئێستاش لەبەرامبەر ئەو بڕیارانەدا بەدور نازانرێت کە هەمان نارەزایەتی بە گوڕوتینێکی ترەوە ڕوبدات.

پێویستە خەڵکی نارازی بەفراوانکردنەوەی نارەزایەتیەکانیان، بەهیچ جۆرێک ڕێگە نەدەن ڕەشنووسی نوێی یاسای باری کەسێتی دەنگدانی دووەمی لە پەرلەمان بۆ بکرێت و پەسەندبکرێت. ئەو کەسانەش ئەو پێشنیارانەیان کردوە، پێویستە مافی ئەندامێتی پەرلەمانیان لێوەربگیرێتەوە، پێویستە دڵنیابین لەوەی چوارچێوەی یاسایی عێراق ژنان و کچان دەپارێزێت بەگوێرەی پابەندبون بەو یاسا نێودەوڵەتیانەی بەرگری لە یەکسانی ژنان و پیاوان دەکات. چونکە پەسەندکردنی یاسای جەعفەری هەنگاوێکی کارەساتبار و مەترسیدارە و بەڕەسمیەت ناسینی جیاکاریە بۆ ژنانی عێراق، ڕێگە خۆشدەکات بۆ نایەکسانی بە یاسا، لەوەش مەترسیدارتر سەوداوماملەیە بە منالان.

ئەم دۆخە جگە لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و ڕەسمیەتدان بە باڵادەستی پیاو سالاری و بە یاساکردنی نایەکسانی، لەوەش واوەتر شیرازەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی تەواو دەشێوێنی، بەو مانایە ژنان دەکاتە کۆیلەیەک و کەرەسەیەک، تەنها بۆ چێژوەرگرتنی پیاوان، ئەمەش بەرەو ڕووی ئەوپەڕی دڕندەیی ئەو لایەنە ئیسلامیانەمان دەکاتەوە کە داعش لەباری عەمەلیەوە نمونەیەکی قێزەوەنی ئەوپەڕی دژی ئینسانی نیشاندابن، ئەو داعشەی بەر نەفرەتی تەواوی جیهان کەوت، ئێستا بەشێک لە شیعەکانی دەسەڵاتدار لە عێراقدا، خەریکن بێشەرمانە و بەئارامی ئەو یاسایانە لەڕێگەی پەرلەمانەوە دەخەنە ناو پرۆسەی دەنگدانەوەو دەیانەوێت فرسەت لەسەر ئەوە بهێنن کە زۆرینەن لە پەرلەماندا، بەڵام پێویستە دانیشتوانی عێراق ئەوەنیشان بدەن کە زۆرینەی دژی ئەو بڕیارو یاسایەن لەدەرەوەی پەرلەمانن و ڕێگا نادەن ئەو جۆرە بڕیارانە بەسەر چارەنوسی ئازادی ژیانی ژنان و پیاوانەوە مامەڵەیان پێبکرێت.

مشتومڕ لەم بارەیەوە لە شەقامی عێراقی و لەناو دالانەکانی پەرلەماندا لەسەر ترسی تێپەڕاندنی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی دەکرێت، کە بەناوی دەنگی زۆرینە لە پەرلەماندا مامەڵەی پێدەکرێت، پێشتریش چەندینجار هێزەکانی سەر بەچوارچێوەی هەماهەنگی پێشنیاریان کردووە، بەڵام دەنگدانەوەی ئێستای، متمانەی ئەولایەنانەیە کە پێیانوایە دەتوانن دۆخی عێراق لە کۆمەڵگەیەکی شارستانیەوە بەم ڕێگەیە بگۆڕن بۆ بالادەستی دەوڵەتێکی ئیسلامی و جێبەجێکردنی یاسای جەعفەری بسەپێنن، بە ڕابەری ئەولایەنە شیعانەی پاشکۆی ئێرانن. هەوڵی خەڵکی نارازی عێراق پێش هەر شتێک لە ئێسادا پێویستە ڕێگە نەدات ئەم هەموارکردنەوەیە تێپەڕێت. بەڵام ئەوەی شایانی باسە گەر بەهەر فروفێڵ و ساختەکاریەک ئەم هەموارکردنە لە پەرلەماندا پەسەند کرا، ناتوانێت ببێتە یاسایەک لە نێو زۆرینەی کۆمەڵگەی عێراقدا جێبەجێ بکرێت، ناتوانێت بەر بە گەشەی شارستانی بونی عێراق بگرێت، ناتوانێت ململانێی ڕەوتی ئازادی و یەکسانی ژنان و پیاوان بوەستێنێت، بەجیا لەوانەش ڕۆژێک ڕاپەڕینی جەماوەری تەواوی دامودەزگاکانی ئیسلامی بۆ دەسەڵاتی سیاسی و یاساو شەریعەتەکانیان لە ئێران و عێراق و هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی دەپێچنەوەو لە مۆزەخانەدا دایدەنێن.

★

# سەودایەکی سیاسی ڕەزیلانە لە ئارادایە!

## ڕێبوار ئەحمەد

ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە یاساکانی باری کەسێتی کە لایەنە ئیسلامیە شیعەکان هەوڵی بۆ دەدەن، بەتایبەت بۆ ڕەواجدان بە چەندژنە و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر کچانی (٩) ساڵان، کە لە پەرلەمانیعێراق یەکەم خوێندنەوەی بۆ کراوە، سەودایەکی سیاسی زۆر چەپەڵ و ترسناک لەپشتیەوە خۆی مەڵاس داوە. لایەنە ئیسلامیە شیعەکان کە خەونیان ئەوەیە جمهوریەکی ئیسلامی لە عێراقدا بەرپابکەن، ئەوەندە ئەم پرۆژەیەیان بۆ گرنگە، کە ئامادەن لەپێناویدا بەخشیش بە ناسیۆنالیستە کورد و عەرەبە سەوداگەرەچڵێس و بێپەرنسیپەکان بدەن. بێگومان ئەوەش دەزانن کە بەخشیش و سەرقوفڵانە دەتوانێ ڕەزامەندی ئەم دووجەمسەرە بۆ کۆنەپەرستانەترین پرۆژە وەرگرێت. چونکە ئەو لایەنانە تەنها مەرام و بەرژەوەندی خۆیان مسۆگەر بێت،وە ئەگەر مشتەریان دەست کەوێت، نەک چارەنوسی دەیان ملیۆن هاوڵاتی، تەنانەت ئامادەن پیرۆزیەکانی خۆشیان لە بازاڕی سیاسەتدا هەراج بکەن. لایەنە شیعەکان ستراتیژێکی زۆر کۆنەپەرستانە و زۆر رونیان هەیە. دەیانەوێ لەڕێگای گۆڕینی هەنگاو بەهەنگاوی دەستور و یاساکانەوە سیستەمێکی سیاسی ئیسلامی شیعە لە عێراقدا بەرپابکەن. ئەگەر ئەمەیان بۆ بچێتەسەر،کۆمەڵگەی عێراق ڕاپێچی ناو تاریکستانێک دەبێت کە ئەوەی مانای ماف و ئازادی و خۆشبەختیە، نەک هەر بۆ ژنان و منداڵان، بەڵکو بۆ هیچ هاوڵاتیەک نامێنێتەوە. ئەمە ئامانجێکە کە لایەنە شیعەکان نایشارنەوە و بەهەموو عەیب و عارێکیەوە بەرگری لێدەکەن وراپیدەگەیەنن.هەرچی دوو جەمسەرەکەی دیکەی ناو پەرلەمان و دەسەڵاتی سیاسی عێراقە، واتە ناسیۆنالیستی کورد و لایەنی عەرەبی سونە، لەگەڵ ئەوەی کە دیارە کێشەیەکی مەبدەئیان لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا نیە،تا ڕادەیەکی زۆر بێ ئاسۆن و بەنرخی ڕۆژ نانەدخۆن، بەدوای بەرژەوەندی تەسکی ڕۆژانە و کورتماوەی خۆیانەوەن وچاویان لەوەیە کە ئەگەر واژۆی خۆیان بدەن بەم پرۆژەیە، چییان دەست دەکەوێت! بۆیە هەڵوێستیان شایانی تێرامانە.

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەوکاتەوە ئەم باسە هاتوەتە ئاراوە، بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتیەکی فراوان لەدژی خوێنراوەتەوە. چەندین خۆپیشاندان و کۆبونەوەی نارەزایەتی لە شارە جیاوازەکانی عێراق و کوردستان و دەرەوەی وڵات ئەنجام دراوە، یان هەوڵی ئەنجامدانی دراوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی گوێیان بۆ بگیرێ و وەڵامی داخوازیەکانیان بدرێتەوە، لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەتایبەت لە کوردستان ڕێگایان لێگیراوە. جگە لەوانە چەندین ڕاگەیاندن و یاداشتی نارەزایەتی لەلایەن دەیان و سەدان هەڵسوراوی بزوتنەوەی ژنان و لایەنگرانی مافەکانی ژنان و لایەن و ڕێکخراوەی جۆراوجۆرەوە بڵاوکراوەتەوە. لەبەرامبەر گشت ئەم شەپۆلی نارەزایەتیە، تا ئەو جێگایەی بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەگەڕێتەوە، لەوە زیاتر ڕۆیشتون کە تەنها بەبێدەنگی وەکو نیشانەی ڕازیبوون، هەڵوێستیان نواندبێت، بەڵکو لە شارەکانی کوردستاندا فەزایەکی قورسی سەرکوت و تۆقاندنیان بەرپاکردوە و کۆبونەوە و ڕێپێوان و تەنانەت سیمینار و کۆنگرەی ڕۆژنامەگەریشیان قاچاغ کردوە. یەکێتی و پارتی دەزگاکانی سەرکوتیان تەیار و ئامادە کردوە بۆ بەرگرتن لە هەرجۆرە چالاکیەک کە بەتایبەتی دژی ئەم پلانە چەپەڵە بەڕێوەببرێت و ببێتە هۆی تێکدانی بازاڕی سەوداکەیان. ڕێنمایی زۆر تایبەتیان بە هەموو هۆڵەکان و جێگاکانی کۆبونەوە داوە و هەرچاوێکیان کردوە بە دوان بۆ تاقیبی هەموو جموجۆڵێکی هەڵسوراوانی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و لایەنگرانی مافەکانی ژنان. ئەم دوو حزبە سەوداگەر وداشۆراوە لە هەر پرەنسیپێکی سیاسی و مەدەنیکە هەرکات بەرژەوەندییان بخوازێ، ڕیاکارانە باسی مافەکانی ژنان و تەنانەت لەو ڕیاکاریەدا داهێنانی لەبابەت "وەکو یەکی ژن و پیاو"یان کردوە، ڕەزیلانە لەبەرامبەر تێپەڕاندنی ئەم پرۆژە یاسایانەدا لە پەرلەمان، دەستیان بۆ پارە و چەند ئیمتیازی سیاسی پروپوچ پانکردوەتەوە. ئەم دوو حزبە کە تاڵانکردنی هەموو سەروەت و داهاتی کوردستان چاویانی تێرنەکردوە و تەنانەت زەوی ژێرپێی هاوڵاتیانیان خستوەتە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن، ئێستاش دەیانەوێ سەرەتاییترین ماف و ئازادیەکانی ژنان و منداڵان هەرزانفرۆش بکەن. نهێنی پشتی بێدەنگی ئەم دوو حزبە و داخستنی مەیدان بەرووی هەڵسورانی کۆمۆنیست و ئازادیخواز و یەکسانیخوازان لە کوردستان دژی ئەم یاسا بەربەریە، ئەوەیە کە گفتیان داوە لەپشت تێپەڕاندنی ئەم پرۆژە چەپەڵە ڕاوەستن، بەو مەرجەی لایەنە شیعەکان لە پەیوەند بە مەسەلەی بودجە و "هەژماری من" و چەند ئیمتیازی سیاسی پووچدا دەستگیرۆییان بکەن. ئەگەر ئەم ڕێگای ساتوسەودایە بەرووییاندا دانەخرێت، ئەمانە باکیان نیە کە ساڵ بە ساڵ، هەرجارەی لەبەرامبەر کۆمەڵێک ئیمتیازی لەم بابەتەدا، یەک بە یەکی مافە مەدەنیەکانی خەڵک بفرۆشن. بێگومان لایەنە ئیسلامیە شیعەکانیش کە داهاتی سەرسامهێنەری نەوتیان لە بەردەستدایە، کۆدی ئەم دووحزبە دەزانن بۆئەوەی بیانکەن بە پاشکۆی

⟸

خۆیان بۆ بەرپاکردنی جمهوریەکی بەربەری ئیسلامی لە عێراق.

هەرچی لایەنە ناسیۆنالیستە عەرەب و ئیسلامیە سونیەکانیشە، ئامادەن بچنە ناو هەمان سەودای سیاسی پیس و چەپەڵەوە لەپێناو ئیمتیازاتێکی سەخیفتردا! ئەوان چەندین ساڵە بازاڕی سیاسەتیان بۆ ئەوە گەرمکردوە کە یاسای لێبوردنی گشتی دەرچێت بەمەرجێک هەموو بەعسیە کۆنەکان بگرێتەوە. ئەم کۆنە بەعسیانە کە کەم و زۆر دەستیان پیسە بە تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی فاشیست، لای ئیسلامی سونە و نەتەوەپەرستە عەرەبەکان ئەوەندە ئازیز و خاوون ڕێز و پێگەی بەرزن، کە ئامادەن لەپێناویاندا چارەنوسی هەموو هاوڵاتیانی بێبەش بکەن بە قوربانی.هەرچەندە خودی چەندژنە و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان، خۆیان بەدەرنیین لە نەریتی ئەم جەمسەرە ناسیۆنال-ئیسلامیە، بەڵام ئێستا بۆ ئەوان وەکو ئەوە وایە کە بە تیرێک دوو نیشان بشکێنن. هەم نەرێتە کۆنەپەرستانەکانی خۆیان بکەن بە یاسا و هەم یاسای لێبوردن بۆ برا ئازیزە بەعسیەکانیان مسۆگەر بکەن! بەڕاستی جێگای تێڕامانە، ڕژێمی بەعسی فاشیست و خوێنڕێژ کە ٣٥ ساڵ قەتلوعامی خەڵکی کرد و هیچ کارەساتێک نەما بەسەر ئەم خەڵکەی نەهێنێ، ئێستا دارودەستەکەی کە شایانی ئەوەن لە دادگایەکی عادلانەدا دادگایی بکرێن و سزای تاوانە بێشومارەکانیان وەرگرن، کەچی ئەوەندە ئازیزکراون، کە سەرەتاییترین ماف و ئازادیەکانی خەڵکی عێراق بەتایبەتی ژنان و منداڵان دەکرێت بە فیدایان.

نەفرەت لەودەسەڵات و پرۆسە سیاسیەی کە لەڕێگای داگیرکردن و نابوتکردنی کۆمەڵگەی عێراقەوە ئەم کۆمەڵگەیەی خستوەتە نێوان بەرداشی ئەم سێ جەمسەرە تاوانکار و کۆنەپەرستەوە. نوێنەرانی ئەم سێ جەمسەرە کە گوایە وەکو نوێنەری بەرژەوەندیەکانی خەڵکی "شیعە و سونە و کورد" ڕەوانەی ناو پەرلەمان کراون، لەکاتێکدا ئەم خەڵکە بێدەرەتان و بەشمەینەتە بەدەست سەدویەک دەرد ومەینەت و نەداریەوە دانالێنن، ئەم جەنابانە لەجیاتی چارەسەری ئەو هەموو دەرد ومەینەتە، چ وەکو فرۆشیار و چ وەکو کڕیار،بازاڕیان بۆ هەڕاجکردنی سەرەتاییترین مافەکانی ئەم خەڵکە گەرمکردوە.جەمسەری شیعە کە پلانی خۆی هەیە بۆ بەرپاکردنی سیستەمی خۆی و بەبەرنامەوە کاری بۆ دەکات، لەسایەی ئەو سیستەمەدا نە تەنیا ژنان و منداڵان، بەڵکو هیچ خۆشی و ماف و بەختەوەریەک بۆ هیچ هاوڵاتیەک ناهێڵێتەوە. هاوڵاتیانی "شیعە مەزهەب" کە گوایە لەلایەن ئەم جەمسەرەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، دەبێ لەجیاتی ئازادی و نان و خزمەتگوزاری،چاوەڕوانی ئەوەبن کە تەنانەت لە گوفتاریشدائەم دەستەواژانەیان لێ قاچاغ بکرێت و لەجیاتی هەموو ئەمانە تاریکستانی ئیسلامی و فەسادخانە و کۆیلایەتی حەڵاڵ و یاساییان بۆ دەستبەردەکرێت! ئەم جەمسەرەلەم پێناوەدا و لەسەر حیسابی خەڵکی عێراق، هەر ئیمتیازێکیش بدات بە دوو جەمسەرەکەی تر، کاتیە و ئەگەر سیستەمی دڵخوازی خۆی بەرپاکرد، دانە دانە ئەو ئیمتیازانە لە کونەلوتیان دەردەهێنێتەوە.بەڵام دوو جەمسەرەکەی تر؛ ناسیۆنالیستە عەرەبە سونەکانکە گوایە نوێنەرایەتی خەڵکی "عەرەبی سونە" دەکەن، لەجیاتی شەڕ لەپێناو مافەکانی ئەو خەڵکەی کە تائێستا نیوەیان هەر ئاوارەی کوردستانن، ئەوانەشیان کە لەشار و ناوچەکانی خۆیان دەژین، لەناو وێرانەی بێبەش لە سەرەتاییترین خزمەتگوزاری و لەوپەڕی بێمافیدا ژیانی کولەمەرگی بەسەر دەبەن، کەچیئازادیی کۆنە بەعسیەکانیان کردوە بە ئەرکی پیرۆزی خۆیان. خەڵکی "سونە" دەبێ لەجیاتی نان و ئاو و خزمەتگوزاری و ماف، بە ئازادیی کۆنەبەعسیەکان دڵنەوایی خۆیان بکەن. ناسیۆنالیستە کوردەکانیش کە گوایە نوێنەرایەتی خەڵکی "کورد" دەکەن، لەجیاتی شەڕ لەسەر مافەکانی ئەم خەڵکە لە مووچە و خزمەتگوزاری و تەنانەت ڕاگرتنی تەعریب و ئەو شتەی خۆیان ناویان ناوە "کوردایەتی و ناوچە داگیرکراوەکان"، بەدوای ئەوەوەن کە لەپای ڕاوەستان لەپشت ئەم پرۆژە یاسا چەپەڵەوە، "هەژماری من" و چەند ئیمتیازی سیاسی بۆ خۆیان بپچڕن.لەکاتێکدا پرۆژەی "هەژماری من" نەک هیچ دەسکەوت وبەرژەوەندیەکی خەڵکی کوردستانی تیا نیە، بەڵکو لەڕاستیداپلان و ڕایەڵەیەکی ترە بۆئەوەی خەڵک بکەن بە پاشکۆی خۆیان و نان و ئاوی ئەم خەڵکە زیاتر لەئێستا بە بارمتەبگرن و بیخەنە گرەوی دەستەمۆیی بۆ خۆیان! یان مەسەلەی بە پارێزگاربونی هەڵەبجەیان مەبەستە کە دیسان جگە لە ئیمتیازی سیاسی و ماددی بۆ خۆیان هیچ دەسکەوت و بەرژەوەندیەکی خەڵکی تیا نیە، وەکو ئەوەی پارێزگابونی سلێمانی و هەولێر و دهۆک گەلێک دەسکەوتی بۆ خەڵکی کوردستان دەستەبەر کردبێت!

بەکورتی ئەوەی لەئارادایە پلان و سەودایەکی سیاسی لەڕادەبەدر قێزەون و کۆنەپەرستانەیە. هەر سەرێکی ئەم سێ گۆشەیە دەیەوێ لەسەر حیسابی خەڵکی ژێردەسەڵاتی خۆی و وابەستەکردنی زیاتری ئەو خەڵکە بەخۆیەوە، بەشی خۆی لەم سەودایە مسۆگەر بکات. ئەم پلانە ڕیسوایە ئەمڕۆ دەتوانرێت بەری پێ بگیرێ و ناکام بکرێتەوە، بەڵام بەیانی درەنگە و دووبەیانی ئەستەمە. بەشکستکێشانی ئەم پلانە و هەموو جەمسەرەکانی، لەگرەوی خرۆشانی شەقامی هەموو شارەکان و کاردانەوەی توندی هەموو ئەو لایەن و ڕێکخراوە و دامەزراوانەدایە کە خۆیان بەلایەنگری مافەکانی ژنان و منداڵان و ئازادی و تەنانەت مەدەنیەتی کۆمەڵگە دەزانن. خەڵکی عێراق لەم نەبەرد و تەحەدایەدا بەتەنها نیە، ڕای گشتی ئازادیخوازی جیهان و بزوتنەوەی ژنان و ڕێکخراوە کرێکاری و سۆسیالیستی و ئازادیخوازەکانیان لەگەڵدایە. بەڵام لە پێشدا دەبێ ئەم دەنگی ناڕەزایەتیەی خەڵکی عێراق ئەوەندە بەرز و بەهێز بێت کە خەڵکی هەموو جیهان بیبیستن بۆ ئەوەی بە هانایانەوە بێن.

٢٢/٨/٢٠٢٤

# یەکێتی بۆ بێدەنگە بەرامبەر هێرش و ملهوری بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا لەزۆنی سەوزدا!!

## عەبدوڵا مەحمود

لەپاڵ بەردەوامی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی زۆنی زەرد، هاوکات هێرشی درۆنی و کردەوەی تیرۆریستی لە زۆنی سەوزدا درێژەی هەیە. هێرشی درۆنی یان کردەوەی دیکەی تیرۆریستی تورکیا لە زۆنی سەوزدا بەجۆرێکە کەم هەفتەو تەنانەت رۆژ هەیە، تورکیا کادر و بەرپرسانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا یان لایەنگران و کەسانی نزیکی ناو بازنەی ئەوان نەکاتە نیشانە. ئەم کوشتار و تیرۆریزمەی تائێستا گیانی دەیان و سەدان کەسی کێشاوە لە زۆنی سەوزدا، هیچی کەمتر لە قوربانیانی هێرش و ئۆپەراسیۆنە سەربازی و زەمینیەکانی زۆنی زەرد نییە.

ئەگەر تورکیا لە زۆنی زەردا، هێزێکی وەکو پارتی هەیە، کە هەم هاوکاری دەوڵەتی تورکیاو هەم دژی هەیمەنە و حزوری سیاسی و سەربازی پەککەکەیە، جیا لەوانەش پارتی و بەرپرسانی ئەو حزبە نەیانشاردۆتەوە کە پەککەکە بەسەرچاوەی پشێوی و کێشەو ئاڵۆزی و ماڵوێرانی ناوچەکە دەزانن، ئەوا لە زۆنی سەوزدا یەکێتی باڵادەست و ئامادەیی هەیە، کە لەلایەکەوە سەر بە جەمسەری ئێران و لەلایەکی تریشەوە خۆی بە هاوسۆز و پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و سوری دەزانێت، کەچی لەبەرامبەر بەو هەموو هێرشە درۆنی و کردەوە تیرۆریستیەی دەوڵەتی تورکیا، هیچ کاردانەوەیەکی جدی لەخۆی نیشان نادات و ئامادە نییە بەرپرسیاریەتی پاراستنی کادر و چالاکوان و تەنانەت رۆژنامەنووس و هەڵسوراوە مەدەنیەکانیشی لەئەستۆ بگرێت. جیا لەوانە لەو هەموو تیرۆرانەی لەرێگای باندەکانی سەر بە تورکیاوە لە سنوری زۆنی سەوز و لەناو جەرگەی شارەکاندا ئەنجامدراون هێشتا ناسنامەی هیچ بکوژێک ئاشکرا نەکراوە و هیچ دۆسیەیەکی ئەم تاوانکاریانە لەبەردەم دادگا نییە! لێدوانی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت لەبەرامبەر بە تیرۆری دوو رۆژنامەنووسی ژنی نزیک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تورکیا، لە ناوچەی سەید سادق، کە وتی ئەوانە تەنها رۆژنامەنووسن و سەر بەهیچ هێزێکی سیاسی نین، بەڵگەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی زۆنی سەوز، ئەگەر تیرۆری کادر و چالاکوان و بوردومانی بنکەکانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکرێت، لای ئاساییە و تەنها ئەو کردەوانە دەچنە خانەی ئیدانەکردنەوە کە کەسانی مەدەنی و دوور لە هیزە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان بن...!!

ئەم دۆخە لە زۆنی سەوزدا دەگوزەرێت، نەک تەنها بانگەشەکانی یەکێتی بۆ بەرگری لە مافی "برا کوردەکانیان" لە بەشەکانی تری کوردستان و دژایەتیکردنی دەوڵەتی تورکیا بەدرۆ دەخاتەوە، بەڵکو مافی هەڵسوران و چالاکی سیاسی لەژێرسایەی ساباتی "ئازادی" زۆنی سەوزدا، بۆ هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە بەرەسمی ناناسێت.

بێدەنگی لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانکاری و پیشێلکاریە ئاشکرایەدا، ئەوە دەخاتەروو کە یەکێتی بەکردەوە دەیەوێت هێندەی دەتوانێت قەرەبووی هەڵویستەکانی پیشووی بکاتەوە و گلۆپی سەوز بۆ تورکیا هەڵدەکات تا لەبەرامبەر بێدەنگەو پاشەکشەی لە هەڵویست و راگەیاندنە ئاگرینەکانی پێشووی، لوتفی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی و لابردنی بەربەستەکانی، لەوانەش کردنەوەی فرۆکەخانەی سلێمانی، بەدەست بهێنێت.

ئەم سیاسەتەی کە یەکێتی پیادەی دەکات، کە لەلایەکەوە دەیەوێت لەئاستی راگەیاندندا هاوسۆزی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و نەیاری توکیا و لەلایەکی تریش بەکردەوە خوازیاری پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بێت... بەجێگایەک ناگات. تورکیا زۆر زیاتری لە یەکێتی دەوێت، لەپێش هەموو شتیکدا کۆتاییهێنانی بە هاوکاری و تەنانەت پچراندنی یەکجاری پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و دواتریش هاوکاریکردنی سوپاو راگەیاندنی ئەوەی کە ئەو هیزانە نایاساییین...تاد.

یەکێتی بەو دۆخە کە هەیەتی ناتوانێت بالانس لەنێوان ئەم بژاردانەدا رابگرێت، بەتایبەتی کە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، خۆ هەڵواسین بە ململانێی و بۆشایی نێوان وڵاتەکان و هاوکات لەجێگای پەیوەندیەکی ئاسایی و دیبلۆماسی، خۆشخزمەتی و ملکەچییە بەو جەمسەرانەی پێوەیەوە پەیوەستن و پایەکی سەرەکی مانەوەیانە.

لەو ماوەی دواییدا حکومەتی عێراق لەچوارچیوەی رێکەوتنی لەگەڵ تورکیادا، سێ حزب و لایەنی سیاسی بەپاساوی بوونی پەیوەندی و کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی دەرەکی یاساغ کرد و بریاری داخستنی دان. هێنانی ئەم بریارە یاساییە!!، سزای سیاسی و بەسازانی نیوان حکومەتی عیراق و توکیا بریار لێدرا. ئامانجیش لەم بریارە لە بنەرەتدا بۆ ئەوە بوو زۆنی سەوزیش، وەکو

زۆنی زەرد، بوون و چالاکی ئەو هێزە سیاسیانە بەنایاسایی لە قەڵەم بدات و لە خزمەت بە دەوڵەتی تورکیادا مەئموریەتی ڕێگرتن لە چالاکیەکانیان، جێ بەجێ بکات. بێدەنگەی یەکێتی لە بەرامبەر بەو بڕیارەوە بەردەوامی ملهوڕییەکانی تورکیا ئەوە نیشان دەدات یەکێتی موی نەرمەو بەکردەوە خەریکە مل بەخواستی دەوڵەتی تورکیا دەدات.

پێویستە یەکێتی لەبەرامبەر بەو سیاسەتەی گرتوویەتەبەر، ڕووبەڕووی گوشارێکی سیاسی و جەماوەری کۆمەڵایەتی شەقام و ڕای گشتی بکرێتەوە، بێدەنگە و چاوپۆشیکردن لە تیرور و کوشتار و هێرشی درۆنی بەردەوامی دەوڵەتی توکیا و بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنەکەی و لەپاڵیشدا گوشارهێنانی بەردەوام بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و نۆکەرپیشەیی بۆی، تەنها هاوکاری ئەو دەوڵەتانە نییە، لەدژی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیان، بەڵکو هاوکات وەستانەوەیە بەرووی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا.

وەستانەوە بەرووی دەستیوەردان و ملهوری ولاتانی ناوچەکە و هێرش بۆسەر هەلسوران و چالاکی سیاسی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، کاری ئەو هێزگەلە سیاسیە نییە کە چارەنووس و مانەوەیان بەستراوەتەوە بەو دەوڵەت و جەمسەرانەوە، بەڵکو کاری بزوتنەوەی شۆرشگێرانە و نارەزایەتی فراوانی جەماوەرییە، بەدژی دەستیوەردان و داگیرکاری و هێرشی درۆنی و تیرۆریستی...تاد. کۆبونەوە لە شەقامەکان و لەبەردەم سەفارەتخانەکان و یوئێن و خواستی کردنەدەرەوەی هێزە داگیرکارەکان و سەفارەتخانەکانیان، بوونەتە پێداویستیەکی لەدواخستن نەهاتوو...

★

# دانوسانی حەماس و ئیسرائیل بۆ راوەستانی شەر لە ئەڵقەیەکی داخراودا!

**وەستا مەهدی ڕەسوڵ**

ناوبژیوانە عەرەبی و ئەمریکیەکان دەڵێن زۆری نەماوە بگەین بە ڕیککەوتن بۆ راوەستانی شەر لەغەزە و ئازادکردنی ئەو بارمتانەی کە بزوتنەوەی حەماس لە هێرشی ٧ ی ئۆکتۆبەر دەستبەسەری کردون ، ئەمە لەکاتێکدا ئەم دانوسانە ماوەی مانگێکە درێژەی هەیەو هەرجارەو بەهۆکارێک بەهیچ ئاکامیک ناگات!

بایەخی دانوسانەکە بۆ ئەمریکا دوای ئەوەی کە حزبوللای لوبنانی و ئێران هەرەشەی تۆڵە سەندنەوەیان کرد بۆ کوشتنی ئیسماعیل هەنییە و فوئاد شکر، زیاتر رەواجی پەیداکرد، چونکە ئەمریکا ترسی ئەوەی هەیە شەرەکە فراوان بێتەوە و ببێتە شەرێکی گەورەی ناوچەیی، کە ئەوسەری دیارنیە بەکوێ دەگات. ئەوەش لەبەرژەوەندی ئەمریکا نیە.

دوای دوو ڕۆژ لە دانوسان لە ولاتی قەتەر، وەفدی ئەمریکاو ئیسرائیل کەمێک ئارام بون، بەڵام وەفدی بزوتنەوەی حەماس هیچ دڵخۆش نەبون بەو پێشنیارانەی خرایە بەردەستیان، چونکە پییانوابوو کە لەئاستی چاوەروانیەکانی ئەواندا نیە و ئیسرائیل و ئەمریکا هەرجارەو بەجۆرێک پێشنیارەکانیان دەگۆرن! هاوکات ئیسرائیل رۆژی یەکشەمەریکەوتی ١٨ی ئاب، وەفدێکی ناردووە بۆ قاهیرە کە واچاوەروان دەکرێ گیمێکی تر لە دانوسان لەسەرئاستی باڵا لەنێوان حەماس و ئیسرائیلدا ئەنجامبدرێ . ئەمریکیەکان زۆر دڵخۆش نین بە رەوتی چوونەپێشەوەی گفتوگۆکان و ئیسرائیلیەکانیش دەستی دەستی دەکەن. بێگومان چاوەروانیەکانی حەماس ئەوەیە کە ئاگربەست بەشێوەیەکی بەردەوام بێت و هێزەکانی ئیسرائیل غەزە بەجێبهێڵن و ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانیە فەلەستینیەکان ئازاد بکرێن، بەرامبەر بە ئازادکردنی بارمتە ئیسرائیلیەکان کە لای حەماس دەستبەسەرن بە ئومێدی ئەوەی دۆخەکە بگەرێتەوە بۆ پێش ٧ی ئۆکتۆبەر. بەڵام بێگومان ئیسرائیل ئاگربەست و ڕیکەوتنەکە وەکو دەرفەتێک تەماشا دەکات بۆ ئازادکردنی بارمتەکانی لای حەماس، و بەهیچ شێوەیەک رازی نیە کە حەماس جارێکی دیکە کۆنترۆڵی غەززە بکاتەوە. ئەوە بۆ ئیسرائیل مانای شکستێکی سیاسی گەورەیەو حکومەتی نەتانیاهۆ بەهیچ جۆرێک بەوە قایل نابێت. بۆیە گەیشتنی حەماس و ئیسرائیل بە ڕیککەوتن کارێکی یەجگار سەخت و دژوارە!

دەکرێ راوەستانی ئەم جەنگە خوێناویە کە لەمێژوی سەرهەڵدانی کێشەی ئیسرائیل فەلەستینەوە کەم وێنەوە بووە بەرێکەوتن لەنێوان حەماس ئیسرائیل راوەستێ و تا ماوەک ناوچەکە ئارام بێتەوە، بەڵام کێشەکە لەجێگای خۆیدا دەمێنێتەوە. لەم جەنگەدا خەڵکی فەلەستین زیاتر لە ٤٠هەزار کەسی کوژراوە و زۆربەی دانیشتوانی غەزەش ئاوارەبون و لەژێر چادرا ژیان دەکەن. زۆربەی بینا و خانوەکان و دامەزراوەکان و ڕیگاوبانەکانی غەزسە وێران و کاول بوون. ئاوەدانکردنەوەی غەززە بەجۆرێک کە بۆ نیشتەجێبوون بگونجێت، دەیان ملیار دۆلاری دەوێت، کە ئەمەش کارێکی یەخگار سەختەو هاوکات سارێژکردنی برینی ئەو هەموو قوربانیە بەهیچ جۆرێک مومکین نیە.

حەماس نەتەنیاهۆ تاوانبارەکات بە ڕێگر لەبەردەم ڕیکەوتندا بەوەی کە دەیەوێ هەموو مەرجەکانی خۆی بەسەر حەماسدا بسەپێنێ. ئیسرائیلیش

که لەهێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماسدا ١٢٠٠ کوژراوی مەدەنی و سەربازی و ٢٥٠ بارمەتەی هەیەو هەتا ئێستاش نزیکەی ١١٠ کەسی مەدەنی ئیسرائیلی بارمتەن لای حەماس، نایەوێ کە ڕێکەوتنی لەگەڵ حەماس وەکو شکستی سیاسی بۆی تەواو بێت، بۆیە نایەوێ لە خواستەکانی خۆی بێتەخوارەوەو بەردەوامە لە هێرشەکان و تاوانەکانی لە غەززەو دەیەوێ حەماس ناچاربکات مل بە داواکاریەکان ومەرجەکانی بدات. لەولاشەوە حزبوللەی لوبنانیش کە بەوەکالەت شەر بۆ ئێران دەکات تێوەگلاوەو ئەویش بەردەوام موشەکبارانی ئیسرائیل دەکات و ئەوەندەی تر ئاگری جەنگەکە خۆش دەکات و هەرەشەی هێرشی فراوان دەکات بۆسەر ئیسرائیل، سەرەرای حزبوللە، هەندێ گروپی تری سەر بەئێران لە عێراق و سوریا و یەمەن دەخالەتیان کردووەو خۆیان بەهاوپشتی حەماس دەزانن .

بەپێی ئەو هەوالانەی بلاوبونەتەوە، ناوبژیوانان پێشنیارێکیان خستەوەتە بەردەم حەماس کە بە سێجار بارمتەکان ئازاد بکات لە بەرامبەر بە ئازادکردنی بەندکراوەکانی فەلەستین کە ئیسرائیل زیندانیکردون. بایدن ئەم پێشنیارەی دانوسانکارانی تەئیدکرد و مەجلیسی ئەمنیش بریاریدا، بەلام حەماس پێشنیاری تەعدیلاتی کردو ئیسرائیلیش داوای رونکردنەوە دەکات! ئیسرائیل ئامانجی ئەوەیە کە ئەم دانوسانە بۆ ئازادکردنی دیلەکانی بێت لای حەماس و هیچی دیکە. ئەو نایەوێ دوای کۆتاییهاتنی ئەم ڕێکەوتننامەیە، دانوسان لەگەڵ حەماس بکات بۆ هێورکردنەوەو ئاساییکردنەوەی دۆخەکە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایە ئەم کێشمەکێشە کە بۆتە مایەی هەراسانکردنی خەڵکی مەدەنی لە ئیسرائیل و فەلەستین و ژیان و گوزەرانی لێتێکداون و هەزاران کەس لەهەردولا کوژراون، هیچ زەمانەتێک هەیە بۆئەوەی جارێکیتر دوبارە نەبێتەوە، یان هەرکاتێک وەزعەکە بەدڵیان نەبوو دوبارە شەردەست پێدەکاتەوە!؟ ئەم کێشەیە بەرادەیەک ئالۆزە کە چارەسەری بەو سادەییە نابێت! بەدرێژایی دامەزراندنی ئیسرائیل وەک دەوڵەتێک کێشەی ئیسرائیل فەلەستین وەک وەرەقەیەک لەدەستی ئەمریکاو زلهێزەکانەو هەرجارەو بەسیناریۆیەک دێتەوەپێش. ئیسرائیل ملنادات بە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین، بۆیە کێشەی فەلەستین و ئەمجۆرە ململانێ چەکداری و شەر و وێرانکاریە ناوبەناو سەرهەڵدەداتەوە و قوربانیەکانی خەڵکی مەدەنی فەلەستین و کاولبوونی مالوحالیان دەبێ، لەگەڵ تیرۆرو نائارامی بۆ خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل !

پێش روداوی ٧ی ئۆکتۆبەر، پرۆسەی دامەزراندنی پەیوەندی دیپلۆماسی و ئابوری لەنێوان ئیسرائیل و ولاتانی عەرەبی و ناوچەکەدا بەرەو ئەوە دەچوو بەبێ چارەسەری مەسەلەی فەلەستین، بەسەرەنجام بگات. ئەمریکاش ئەوەی دەویست. بەلام ئەو کردەوەیەی حەماس ئەو مەسەلەیەی تووشی راوەستان و شکست کرد. بەهۆی تاوانەکانی ئیسرائیل دژی خەڵکی فەلەستین و جینۆسایدی خەڵکی غەززە، تەنانەت پرسی فەلەستین، کە لەئاستی رەسمیدا خەریک بوو لەبیردەبرایەوە، دوبارە هاتەوە ناو وێژدانی ملیۆنەها مرۆڤی ئازادیخواز لەسەراسەری جیهان و بەتایبەتی لە ئەمریکاو ئەوروپادا. بەجۆرێک کە ئەو فشارە نەک هەر چەندین دەوڵەتی دیکەی ئەوروپی هێنایەسەر ئەوەی دان بە دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستیندا بنێن، بەڵکو پرسی داگاییکردنی نەتانیاهۆ وەکو تاوانباری جەنگ چووە ناو بەرنامەی کاری دادگای دادی نێودەوڵەتیەوە! تەنانەت ئەمریکا ناچاربووە باسی ئەوە بکات کە کاتی ئەو ە هاتووە فەلەستینیەکانیش بە مافی خۆیان بگەن!!

بەلام بێگومان ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانەوێ لەرێگای ئاگربەست و ئازادکردنی دیلەکانەوە، بە مەرجی ئەوەی کە دەسەلاتی غەززە لەلایەن رێکخراوی فەتح ەوە نەک حەماسەوە بەرێوەببرێت، هەم کۆتایی بە بوونی و دەسەلاتی حەمسان بهێنن و هەم خۆشیان لەو فشارە جیهانی و ناوخۆییە رزگاربکەن کە بەهۆی فشاری کەسوکاری دیلە ئیسرائیلیەکانی لای حەماس و هەروەها رای گشتی دنیا بەهۆی جینۆسایدی فەلەستینەکانەوە لەسەریانە! ئەوان نایانەوێ کێشەی فەلەستین لەبنەرەتەوە چارەسەربکرێت. ئەمریکا بەهەموو جۆرێک پاکانەی جینۆسایدی فەلستینیەکان دەکات لەلایەن ئیسرائیلەوەو بە چەک و هێزی سەربازی و کەشتی جەنگی هاوکاری و پشتیوانی ئیسرائیل دەکات!

بەلام تەنها رێگە بۆ چارەسەری ئەم گرێکوێرەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست و کۆتاییهێنان بە نائارامی و شەر و کوشتاری خەڵی مەدەنی لە فەلەستین و ئیسرائیل، کۆتاییهێنانە بە کێشەی فەلەستین، لەرێگای قبوڵکردنی ئیسرائیل بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین بە هەمان مافی یەکسانەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا. تا ئەو کێشەیە بەوجۆرە یەکلانەبێتەوە، حەماس و جیهادی ئیسلامی و دەیان جروجانەوەری دیکەی کۆنەپەرستی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی بەرزدەبنەوە بەناوی بەرگریکردن لە خەڵکی فەلەستین و وەستانەوە دژی داگیرکاری ئیسرائیل و...تاد. بێگومان دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین نەک خەڵکی فەلەستین لەو میحنەتەی رزگار دەکات، بەڵکو خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل لە فەزای شەر و نائارامی و ترس دووردەخاتەوەو فرسەت بۆ گەشەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی و کرێکاری لە ئیسرائیلیشدا بەرامبەر بە بۆرژوازی و راسترەوی و فاشیزمی دینیدا بەهێزدەکات لەپێناو ئازادی و یەکسانیدا لە کۆمەڵگای ئیسرائیلدا.

١٩/٨/٢٠٢٤

# خۆپیشاندانی نارەزایەتی لەبەردەم باڵۆیزخانەی عێراقی لە لەندەن، دژ بە پرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی عێراقی!




ڕۆژی پینجشەممە ٢٢ی ئابی ٢٠٢٤ لەسەر بانگەوازی ژمارەیەک ڕێکخراو؛ ڕێکخراوی ژنانی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی، ڕێکخراوی ژنان و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێکخراوی مافی ژنان- ایکرۆ و ڕێکخراوی سەراسەری پەنابەرانی ئێرانی- بێمەرز و بە بەشداری ژمارەیەک لە جالیەی عێراقی و کوردی، خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەدژی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ و جێگرتنەوەی بە یاسای جەعفەری، بەڕێوەچوو. پرۆژە یاسای پێشنیارکراو دەستدرێژیەکی ئاشکرایە بۆ سەر ماف و ئازادیەکان و کەسایەتی ئینسانیی ژنان و منداڵانی کچ و دەیانکاتە کۆیلەو کاڵایەکی سێکسی پیاوان! تاوانێکی ڕێکخراو و دەست ئەنقەستی حکومییە دژی ژنان و کچانی عێراق و کوردستان!

بەشداربوان بە زمانەکانی ئینگلیزی، کوردی و عەرەبی قسەوباسیان کردو ئەو هەنگاوە قێزەونەی پەرلەمانی عێراقیان مەحکومکرد. هەروەها چەندین پلاکارد کە دروشمەکانی: نا بۆ فرەژنی، نەخێر بۆ یاسای جەعفەری، بەڵی بۆ یاسای مەدەنی، بەیاسایکردنی هاوسەرگیری منداڵانی خوارتەمەنی یاسایی تاوانە، نا بۆ بە یاسایکردنی دەستدرێژیکردنە سەرمنداڵان، نەفەقە بەرامبەر بە سێکس ڕەسمیەتدانە بە لەشفرۆشی، لەسەر نوسرابوو، بەرزکرانەوەو هەروەها دەیان دروشمی دژ بەو هەنگاوە دژی منالّ و دژە ژنەیان وتەوە... خۆپیشاندانەکە بەردەوام بوو و قسەوباس و دروشم و پلاکارتەکان سەرنجی دەیان کەسی ڕاکیشا کە بەوناوەدا تێدەپەڕین. لەکۆتایی خۆپیشاندانەکەدا یاداشتیکی نارەزایەتی بەزمانی ئینگلیزی کە لەلایەن دەیان هەڵسوڕاوو کەسایەتی و ڕێکخراوی ژنان و پەنابەریەوە واژۆکرابوو دژ بە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لە عێراق، خرایە پۆست بۆکسی باڵویزخانەی عێراقی لەلەندەن، لەبەرئەوەی هیچ کەسێک لە سەفارەتخانە جورئەتی ئەوەی نەکرد روبەرووی خۆپیشاندەران بێتەوە و خۆیان لە کونجی بینای سەفارەت خزاندبوو.

بڕیارە ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەم چالاکیەیان ڕێکخستبوو، چەندین چالاکی جۆراوجۆری دیکە ئەنجام بدەن بۆ هەمان مەبەست و هەوڵ بدەن کە پشتیوانی ڕێکخراوە کرێکاری و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەندام پەرلەمان و لایەنگران و پارێزەرانی مافەکانی ژنان و منالّان ... بۆ ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆسەر پەرلەمان و حکومەتی عێراق بەدەست بهێنن.

★

**قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئازاردانێکی منالّان لە خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن و لەئاستی کۆمەڵگا بەگشتی.**
**قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی. قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی و ترساندنی منالّان.**
**ڕووبەڕووبوونەوەی توندی یاسایی لەگەڵ بەدکەلّک وەرگرتنی جنسیی لە منالّان. بەدکەلّک وەرگرتنی جنسیی لەمنالّان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت!**

# تیرۆری ڕۆژنامەنوسان، هێرۆ بەهادین و گوڵستان تارا، بەتوندی سەرکۆنە دەکەین !



پێشنیوەڕۆی ئەمرۆ هەینی ٢٣ئابی ٢٠٢٤ لەسەر ڕێگای شارۆچکەی سەید سادق، ئۆتۆمۆبیلێک کە سێ ڕۆژنامەنوسی تێدا بوو، لەلایەن هێرشی بوردومانی درۆنی تورکیاوە کرانە ئامانج و هەریەکە لەڕۆژنامەنوسان (هێرۆ بەهادین و گوڵستان تارا ) ژیانیان لەدەستدا و ڕۆژنامەنوس ڕێبین بەکر بەسەختی بریندار دەکرێت. هەرسێ ڕۆژنامەنوس سەر بەکۆمپانیای چەتر بۆ کاری میدیایی لەهەرێمی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی فەرمیان هەیە، کە بەڕێوەبوون وەک تیمیکی ڕۆژنامەنوسی بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان و هیچ پەیوەندیەکیان بەکاری سیاسیەوە نەبووە .

ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی فاشستی تورکیا لەدرێژەی ئەو هێرش و ئۆپەراسیۆنە بەرفراوانە زەمینی و ئاسمانیەدایە کە ساڵانێکە بۆ نێو قوڵایی شارو گوندەکانی کوردستان دەستی داوەتێ و بەهۆیەوە ژیان و ئاسایشی خەڵکی کوردستانی نائارام و ناسەقامگیرکردوەو کوژران و بریندار بوون و ئاوارەبوونی دەیان هاوڵاتی کوردستانی لێکەوتۆتەوە. ئەمە سەرباری بەردەوامی تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی..

بەردەوامی ئەم پەلامارو هێرشە دڕندانەیەی دەوڵەتی فاشستی تورکیا، لەسایەی دەسەڵاتەکانی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمدا، نەک هەر بێدەنگەی لێکراوە، بەڵکو زانیاری چەواشەکارانە لەسەر ئەم ڕوداو و دەستدرێژیانەی دەوڵەتی تورکیا لە میدیاکانی خۆیانەوە بڵاودەکەنەوە، هەتا ڕاستیەکانی پشتی سیاسەتی خۆشخزمەتی و ڕێکەوتنیان لەگەڵ حکومەتی فاسشتی تورکیادا، پێدابپۆشن.

ئێمە، لەکۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی بەتوندی سەرکۆنەی ئەم کردەوە تیرۆریستی و ئینسانکوژیەی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا دەکەین، هاوکات پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بۆ کەسوکاری هەردوو ڕۆژنامەنوس هیرۆ بەهادین و گوڵستان تارا، دەردەبڕین و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینندارەکەش دەخوازین.

کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم کردەوە تیرۆریستیەی تورکیا پێچەوانە بە یاساو ڕیساکانی جیهانی دەزانێت، هاوکات بەرپرسیارێتی ئەم تاوانە و سەلامەتی ڕۆژنامەنوسان دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی هەرێم و داواش لە ئازادیخوازان و ڕێکخراوەکانی بەرگریکار لەکاری ڕۆژنامە نوسی و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکات کە لەئاستی ئەم تاوانانەی دەوڵەتی تورکیاو ئەو بێدەنگیەی کە هەردوو حکومەتی هەرێم وعێراق گرتویانەتەبەر، بێدەنگ نەبن و بەشێوەی گونجاوی خۆیان نارەزایەتی دەرببرن.

**کۆمیتەی ڕێکخستنی سلیمانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٣/٨/٢٠٢٤**

**حکومەتی هەرێم و بەغدا بەرپرسیارن بەرامبەر بە زیادبوونی کردەوە تیرۆریستیەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دژ بە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆژنامەنوسانی نەیاری ئەو دەوڵەتە!**

# گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا کامەران لەتیف

## بەرپرسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە کوردستان سەبارەت بە:

## پرۆژە یاسای بەشودانی منالانی کچی ٩ ساڵ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە!

**ئۆکتۆبەر: پەرلەمانی عێراق، لە کۆبوونەوەی رۆژی ٤ی ئابدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاسایەک کرد کە تایبەتە بە دەسکاریکردنی یاسای باری کەسێتی عێراقی کە تەمەنی شووکردنی کچانی بە ١٨ ساڵ دەستنیشان کردوە. بەپێی پرۆژە یاساکە ئەم تەمەنە هەڵدەوەشێنرێتەوەو بەپێی یاسای جەعفەری کچان دەتوانرێ لە تەمەنی ٩ ساڵدا بەشووبدرێن! ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم پرۆژە یاسایەو ماف و ژیان و کەسایەتی منال چی بەسەردێت؟ دەبێ چ هەنگاوێک بگرێتەپێش بۆ ڕێگرتن لە پەسەندکردنی ئەو پرۆژە یاسایە؟**

کامەران لەتیف: ڕۆژی ٤ی ئاب، پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ کرد، کە لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بە گروپە شیعەکانەوە پێشنیارکرابوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ساڵی ٢٠١٧دا، هێزە شیعەکانی ناو پەرلەمان پێشنیارێکی هاوشێوەیان خستە بەردەم پەرلەمان، بەڵام ڕووبەڕووی نارەزایەتیەکی زۆر بووەوە و شکستی هێنا. بەدڵنیاییەوە دووبارە ئەم هەوڵەی شیعەکان کردەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو هەوڵێکی شیعەکانی نێو پەرلەمانی عیراقە بۆ ڕێگەدان بە ئەنجامدانی تاوان لەدژی ژنان و کچان و منالان وکردنیان بە کالایەکی سێکسی. ئەمەش پێچەوانەیە و لەژێرپێنانی هەموو ئەو یاسایانەیە کەلەئاستی جیهاندا وەک مافەکانی منالان و ژنان دانی پێدانراوە. هێنانەپێشەوەی هەمواری یاسای باری کەسێتی لە عێراقدا لەمکاتەدا لە ئەنجامی هەژموونی شیعەگەرایی و باڵادەستی ئیسلامی سیاسی شیعەیە لە پەرلەمانی عێراقدا.

گومان لەوەدا نییە کە یاسای باری کەسێتی ساڵی ١٩٥٩، پێویستی بە هەموارکردنەوە و گونجاندنیەتی لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان و مافە مەدەنی و هاوچەرخەکانی هاوڵاتی و ئازادییەکان و بەرقەرارکردنی مافەکانی منالان و دەستەبەرکردنی ئەو یاسایانەی کە گوشار و توندوتیژی و دەستدرێژی بۆسەرمنالان و کچان ناهێڵی، وەیا کەمی دەکاتەوە. بەڵام ئەم بەناو هەموارکردنەی یاسای باری کەسێتی لەلایەن شیعەکانەوە بەشێوەیەکە نەک هیچ ڕێگەوجێگەیەک بۆ مافە سەرەتاییەکانی منالان و ژنان ناهێڵێتەوە، بگرە منالان لەدایکانیان دەفرێنی و لەتەمەنی خوار ٩ساڵان و لەسەر بێشکە بەشوویان دەدا وەک کالایەکی جنسی دەیخاتە بەردەم پیاوانی هەوسبازەوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ ئیغتساب ولاقەکردنی منالانە. بەدڵنیاییەوە کارێکی ئاواش نەک هەر تەواوی کۆمەڵگا بەرەو دواکەوتوویی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و تاریکی دەبات، بگرە هەموو ئەو دەستکەوت وهەوڵانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی منالان و ژنانەوە لەچەند ساڵی رابردوودا بەدەست هاتوون، دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لەسەرجەم مافەکان بێبەشیان دەکات.

ئەگەر ئەم هەوڵەی کە ناویان ناوە هەمواری یاسا، لە پەرلەمان تێپەڕێت، ئەوا نەک هەر هیچ مافێک بۆ ئینسانی ژن و



منالان ناهێڵێتەوە، بەڵکو ژنان و کچانی مندال دەکاتە کۆیلە و کەنیزەک و کالایەکی سێکسی و بەدوای خۆشیدا چەندین دیاردەی قێزەونی وەک فرەژنی، زەواجی مسیار و سیغە، پەرەپێدەدا و بەیاسایی دەکات. ئەم پڕۆژە یاسایە دەبێت لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی عێراق و کوردستانەوە، لەلایەن هەموو ڕێکخراو و لایەنەکانی داکۆکیکار لە ماف و ئازادیەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی منالان.... بەتوندی بەرپەرچ بدرێتەوە. لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی عێراق بەهەموو شێوەیەک ڕەتبکرێتەوە. هەرجۆرە چالاکییەک کە گونجاوە بیگرێتەبەر، بەتایبەتی دەبێت ڕێکخراوە جیهانیەکان ئاگاداربکرێنەوە و بهێنرێنە سەرخەت و فشاری نێودەوڵەتی دروستبکرێت و نامەی نارەزایەتی لەرێگەی سەفارەتەکانەوە ئاراستەی پەرلەمانی عێراق بکرێت وە ئەم یاسا قێزەونە بەری پیبگیرێت .

☆